دادگای باڵای فیدراڵی بڕیاری نادەستوورییبوونی هەموارکردنەوەی یەکەمی یاسای پاسپۆرت دەدات

دادگای باڵای فیدراڵی، ئەمڕۆ چوارشەممە،بڕیاریدا بە نادەستوورییبوونی هەموارکردنەوەی یاسای ژمارەی ٦ـی ساڵی ٢٠٢٥ تایبەت بە پاسپۆرت.

دادگای باڵای فیدراڵی عێراق لەڕاگەیەندراوەکدا کەدەستی موتەبع کوتووە، بڕیاریدا، یاسای ژمارەی ٦ـی ساڵی ٢٠٢٥، یاسای هەمواری یەکەمی پاسپۆرت ژمارە ٢٣ـی ساڵی ٢٠١٥، تایبەت بە پێدانی پاسپۆرتی دیپلۆماسی بە سیاسەتمەداران و بەرپرسان بە "هەتا هەتایە" یاسایەکی نادەستوورییە.

سکاڵاکارەکان لە سکاڵاکەیاندا داوایان لە دادگای باڵایی فیدراڵی کردبوو بڕیار بدات بە نادەستوورییبوونی یاسای ژمارە (٦)ـی ساڵی ٢٠٢٥ـی هەمواری یەکەمی یاسای پاسپۆرت، بەوپێیەی ئەم یاسایە سەرپێچی حوکمەکانی ماددەی (٥٨ و ٦٧ و ٨٠)ـی دەستوور دەکات، داوا دەکەن هەموارەکە هەڵبووەشێندرێتەوە و یاساکە ببڕێتەوە دەخێ پشووی خۆی و دەست بە ڕەکاری نوێ بکرێت بە هەموارەك، کە وەزارەتی دەرەوە و ناوخۆش بگوێرەی میکانیزمە یاساییە پشتپێبەستراوەکان بەشدار بن تێیدا.

دادگای فیدراڵیش دەڵێت، پێدانی پاسپۆرتی دیبلۆماسی بە سیاسەتمەداران بە هەتاهەتایە نادەستوورییە و بەو پێیەش بێت هەمواری یاساکە هەڵدەوەشێنرێتەوە.